# حەمەنامە (15) ... سلێمان عەبدوڵلآ یونس

بەریتانیا

بۆ ئەوەی بتوانین گۆڕانکاری ئەنجام بدەین، یان لانی کەم بۆ ئەوەی بتوانین خۆمان لەگەڵ ئەو گۆڕانکاریە خێرا و گرنگە ناوچەیی و جیهانیانە بگونجێنین، پێویستیمان بەکرانەوەی زیاتر و دیالۆگی بنیاتنەرانەتری زیاتر و بەردەوامە، پێویستیمان بەلادانی هەموو ئەو گوتارە ڕۆژهەڵاتیانەی خۆمان هەیە، کە بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ و لەناو هوشیاریەکی ناتەواو و نادروست، لە سەر کلتورێکی نا عەقڵانی و، لەژێر کاریگەریە نێگەتیڤەکانی گوتاری، ئایدۆڵۆجیای سەپاو و، ئایدۆڵۆجیای خواستراودا بەرهەمان هێناون، و لە ئەمڕۆشدا بوون بەگوتارێکی باو و، تاڕادەکی زۆر باڵادەستیان لە پەیوەندی‌یە سەرەکیەکانی کۆمەڵگای کوردستان دا، بە تایبەت لە پەیوەندی‌یە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و سیاسیەکانی ئەو گۆمەڵگەیەدا بەدەرکەوتووە.
ئەرکی ڕۆشنبیرانی کورد ئەرکێکی مەعریفی ڕووت نی‌یە، ئەرکێکی بارگاوی بە پیداویستی‌یە کۆمەڵایەتی و نیشتیمانی و سیاسی و هەنوکەییەکانی قۆناغی ئەمڕۆی کۆمەڵگەی کوردستانی‌یە، ئەرکێکە پەیوەندیەکی ستراتیژی بە ڕزگاری نیشتیمانی و، دیموکڕاتیزەکردنی کومەڵگەی کوردستان و، دروست کردنی پایە ژینی و ژیاریەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیەوە هەیە، لەگەل ڕەچاو کردنی واقیعی بابەتی و خۆیی ئەو کۆمەڵگەیە، کە بەحوکمی واقیعی داگیر و دابەشکردنی، هەندێ جار خەسڵەتی پاشکۆ بوون و، هەندێ جاریش خەسڵەتی تا ڕادەیەک سەربەخۆیانەی خۆی بەرجەستە دەکات.
قسەکردن لەسەر دیاردە و، لایەنە دزێوەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوریەکانی کوردستان، ئەرکێک لە ئەرکەکانی ڕەخنەگران و چاودێرانی بە ئاگای کۆمەڵگەی کوردستانە، ئەرکەکەی دیکەیان نیشاندان و ستایش و گەشەپێدانی دیوە جوان و پۆزەتیفەکانی ئەو پیوەندیانەیە، کە کۆمەڵگای کوردستان بەرهەمی دەهێنێ، لە هەموو بوارە جۆر بە جۆرەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و فەرهەنگی و بە خودی ئەو پەیوەنیانەشەوە کە ڕۆشنبیری لەڕێگەی پڕۆژە ڕەخنەییەکانیەوە بەرهەمی هێناوە.
کەواتە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو ڕاستیانەی سەرەوە دەتوانم لەڕیگەی ڕەخنەگرتن، یان خوێندنەوەی شیوازی کار کردنی کاک [ حەمە سەعید حەسەن ] وە ئەو ڕێبازە تاک ڕەهەندیەی ئەو بەڕێزە و کە هەندێک لە ڕەخنەگرانی تریشمان کاری لەسەر دەکەن بە ناتەواو یان بەنیوەچڵ، پێناسە بکەین، چونکە بەهەر دوو شاباڵەکانی ڕەخنە ئاسمانی شین و بەرینی ڕەخنە تەی ناکەن، ناتوانن بە لووتکە بڵند و سەرکەشەکانی هەر دوو دیوەکانی داهێنان بگەن، ناتوانن ڕاستی‌یەکان وەک ئەوەی هەیە لەچاوی تیژی ڕەخنەدا بدەرەوشێننەوە، بەڵکوو تاک ڕەهەندیەکە کە هەمیشە کاری لەسەر دەکەن.
ئەویش تیشک خستنە سەر دیاردە و شتە بەرجەستەکراوەکانە، لەڕێگەی دزێوتر و قەبەکردنی لایەنە ناشیرینەکانی ئەو دیاردانەیە، لەسەر بنەمای شکاندن و تۆڵە کردنەوەیەکی ڕۆژهەڵاتیانە لە بکەر یان خاوەنەکانیان، یان مکیاژ کردنی لایەنە جوانەکانی ئەو دیاردانەیە، بە مەبەستی ستایش و پیاهەڵدان و موجامەلەیەکی بێ مانای خاوەنەکانیان، کە دەشێت لە پۆلێن کردن یان جۆرێک لەجۆرەکانی هەڤاڵ بەندی و دەستەگەرێتی یان لایەنگیری لەگەڵیاندا یەک بگرینەوە، کەواتە دەتوانین بڵێین، دەرخستنی دیاردە دزێوەکان و گەورەتر کردنی قەبارەیان لەبوونی ئاساییان بەتەنها و بێ نیشاندانی لایەنە جوانەکانی هەمان دیاردە، یان هەوڵدان بۆ شاردنەوەیەیان هەرگێز نابێتە پڕۆژەیەکی تەواو لە بواری کاری ڕەخنەیی‌دا، وەک ئەوەی لە شێوازی کارکردنی کاک حەمە سەعید حەسەن، بەدەر دەکەوێت، یان بەپێچەوانەشەوە.

slemanyunes@yahoo. co. uk